# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئیبن ئوم مەکتومی دیاریکرد وەکو جێنشینی خۆی؛ پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد لە کاتێکدا نابینا بوو

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئیبن ئوم مەکتومی دیاریکرد وەکو جێنشینی خۆی؛ پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد لە کاتێکدا نابینا بوو».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئیبن ئوم مەکتومی دیاریکرد وەکو جێنشینی خۆی -ڕەزای خوای لێبێت- لە هەندێک لە سەفەرەکانیدا، بۆیە ئەویش پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد لە جیاتی ئەو لە ماوەی ئامادەنەبوونی لە مەدینەدا، ودیاریکردنی ئیبن مەکتوم لە جیاتی ئەوانی تر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە پێش ئەوانی تر مسوڵمان بووە، لەوانەیە زوو کۆچیان کردووە، ولە قورئان خوێنەران وزانایانە، بۆیە بەهۆی ئەم پلە وفەزڵانەوە شایستەی ئەوەیە زیاتر لە ئەوانی تر، ودیاریکردنی ئیبن مەکتوم تەنها پەیوەست نییە بە پێشنوێژی کردنەوە، بەڵکو ئیمامەتێکی گشتیە، بۆی هەیە فەتوا بدات ودادوەری بکات لە نێو خەڵکیدا وسەرپەرشتیاری کاروباری خەڵکی مەدینە بکات لە کاتی ئامادەنەبوونی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ولە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (أن النبي -صلى الله عليه وسلم- استخلف ابن أم مكتوم على الصلاة وغيرها من أمر المدينة) [رواه الطبراني:حسنه الألباني في الارواء الغليل] واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئیبن ئوم مەکتومی کردە جێنشینی خۆی بۆ پێشنوێژی کردن وجگە لە ئەوە لە کاروباری مەدینە)، لە گێڕانەوەیەکی تردا: (أن النبي -صلى الله عليه وسلم- استخلف ابن أم مَكْتُوم على المدينة مرتين) [رواه أبي داود] (واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دوو جار ئیبن ئوم مەکتومی کردە جێنشینی خۆی لەسەر مەدینە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11308

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee